# با هەشتی ئادار ڕۆژی خەبات بێت لە پێناوی ئازادی ژنانی کوردستان

تامان شاکر

(مێژووی من مێژووی هەموو جیهانە، گەر من بەشێك نەبم لە هەموو کەواتە من هیچ نیم)

بینلوب لایفلی

ژنان سەرچاوەی شارستانی و مایەی بەردەوامی ژیانی کۆمەڵگان. بەشداری کردنی ڕاستەقینەی ژنان لەکۆمەڵگادا نیشانەی شارستانیەتیە. کاتێك باس لەکێشەی ژن دەکرێت پێویستە باس لەکێشەی کۆمەڵگا بکرێت، پێوانەی پێش کەوتنی کۆمەڵ بەندە بەپێوانەی پێشکەوتنی ژنەوە.

کێشەی ژنان سەرەتا و مێژوویەکی دیاریکراوی نییە، مارکس دەڵێت: (یەکەم چەوسانەوە لە مێژوودا چەوسانەوەی ژن بووە لە لایەن پیاوەوە، یەکەم کار دابەش کردنیش لە بەینی ژن و پیاودا بووە. )

کەواتە ژنان لە دێر زەمانەوە بە دەست پیاوانەوە دەچەوسێنرێنەوە، سیمۆن دی بۆڤوار دەڵێت: پەیوەندیە بیۆلۆجییەکان، ( سێکس، وەچەنانەوە) وای لەپیاو کردووە کە دوای ژن بکەوێت. واتە پێویستیە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان وایان کردووە پەیوەندیە مرۆڤاییەتیەکە ببێتە پیوەندی نێوان سەردەستەو ژێردەستە، ژێردەستە ئازاد نابێت چونکە، سەردەستە پێویستی بەم پەیوەندیە هەیە. هەر بۆیەش بزووتنەوەی ژنان زۆر لە سەر خۆ بەرەو پێشەوە چووە. بەتایبەتی لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا شتێك نییە بە ناوی کێشەی ژنەوە.

لە ئەنجامی ئەم زوڵم زۆردارییە چەندان ژن یاخی بوون، بەڵام هەوڵەکانیان، هەوڵی تاکەکەسی بووە بۆیە سەرئەنجامێکی باشی لێ دەرنەچووە و ئەم ژنانەش بەدناو بوون و کەوتوونەتە بەر هێرشی نارەوای کۆمەڵەوەو بە سۆزانی و جادووکەر ناوبراوون. کێشەی ژنان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت ژنان لە ئەوروپا خەبات دەکەن لە پێناوی یەکسانی کارو کرێ، بەڵام لەکوردستان ژنان دوای ڕاپەرینیش هێشتا گیرۆدەی، دەستی یاسای خێڵ و داب و نەریتە بۆگەنەکانی کۆمەڵگەن، ڕۆژانە بە تاوانی پاك ڕانەگرتنی شەرەف چەندان ژن ژیانی خۆیان لە دەست دەدەن و. یاسایەکیش نییە بەرگریان لێ بکات. چونکە لەکۆمەڵگای ئێمەدا شەرەف تەنها موڵکی ژنەو پەیوەندی بە پیاوەوە نییە! کەواتە ڕاپەڕین هیچ دەسکەوتێکی تازەی بۆ ژنانی کورد نەهێنایە بەرهەم، ژنان دەبێ بزانن ڕاپەڕین و شۆڕشە سیاسییەکان چارەسەری کێشەکانیان ناکات، بەڵکو دوای ڕاپەرین دەبێ جارێکی تر بچنەوە ناو چوار دیوارەوەو ببن بەژنی ماڵ و دایکێکی باش. چونکە شۆڕشە سیاسیەکان مەرج نییە شۆرشێکی ڕۆشنبیریان لەگەڵ رووبدات. دەبێ ژنانی کوردستان بەشداری لە دانانی دەستورو یاساکان بکەن و، بەشداری ڕاستەقینەی گشت بوارەکانی ژیان بکەن. بەبێ ئەوەی دەوری ژنایەتی خۆیان لە دەست بدەن. شۆڕشی هاوبەشی ژنان گرنگییەکی مێژوویی هەیە. دەبێ ژنانی کوردستان لەپێناوی چارەسەری کێشەکەیان واز لە بەرژەوەندی حیزبیان بهێنن، وە واز لەوەش بهێنن کەدوژمنی یەکتر بن. ژنانی کوردستان دەبێت داوای ماف و یەکسانی بکەن لەگەڵ پیاواندا لە گشت بوارەکانی ژیان و ئەم بیرۆکەیە بگۆڕن ژن یا سۆزانییە یان فریشتە. پەیوەندی ژن و پیاو لە کوردستان تەنها پەیوەندی بایۆلۆجییە لەوەی کە پیوەندی ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، بێت، بەڵام ئەشێ گۆڕانکاری تیا بکرێت و ببێت بە پەیوەندیەکی فرە لایەن.

بارۆژی هەشتی ئادار ببێت بەڕۆژی لەناوبردنی تیرۆری ژنان و خەبات کردن لەپێناوی وەدەست هێنانی یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا، لە کوردستانی ئازاد.

٢٠٠٢/٣/٣